# چرپەکان

سالْح بێچار – سلێمانی
becharsalih@yahoo.com

## 1. یاداشت

ئەو شەوەی (تی . ڤی)

ڕایگەیاند .. وتی :

وێنەکان بێنن ..

بۆ فێستیڤاڵی یادەوەریی ئەنفال

( ئەم )ی بێ مێردو بێ کوڕو برا

زۆر, زۆر لەمێژبوو ..

گشت وێنەکانی..

دەگێڕان بۆ سواڵ ! .

***

## 2. حصار

کە بووی بە باوک

خەمێك دایگرتی

سوپاست نەنارد, بۆ ئاسمان و خوا

دەتزانی, دەبێ ..

ئیتر کۆرپەکەت

بەشە خۆراکی تۆو دایکی بخوا ! .

***

## 3. وەفا

کە ( ئەو ) شەهید بوو

( ئەم ) ڕەشی پۆشی

بەڵگەی وەفا بوون

دوو لێوی وشکو

دوو گۆنای تەڕی

( ئەم ) سبەی دەکرێ بە بووکو دەڕوا

( ئەو ) دوێنێ .. سێیەم ساڵرۆژی مەرگی

بێدەنگ تێپەڕی ! .

***

## 4. ژوان

+ چۆن هاتی ؟!

– بۆ نایەم ؟

+ چوزانم ..

نامەکەت خوێندەوە ؟!

– بەوردی !

+ ئەی چۆن بوو ؟

– سوتانم !

***

## 5. پێکگەیشتن

تۆی (دیجلە) ش , وەک منی (فورات)

هەر نەوەستانت لەسەرە

ئاکامەکەی ..

تەواوبوونە..

ئەو دوورییەی

لەنێوانماندا, لەمپەرە

هەتا ئێمە ماندووتربین ..

ڕێی پێکگەیشتن

کورتتر دەبێ ..

گەر نەوەستین

چی دوورییە ..

لەخاڵێکا , کۆتاییدێ !

***

## 6. پاکانە

چ, زووە..

هۆ خەمی کورد بوونو

تەمەنم.. مەمکوژن.

لێگەڕێن..

با تێربم.. لەسەیرو..

لە بۆنو لە تامی ( مەمك )و ( ژن ) !

***

## 7. سکاڵا

چۆن لەو قەڵەم لێوە خۆشبم ؟

ئەو بەر لەمن..

هەموو ڕۆژێ

هەتا ڕادەی سوور هەڵگەڕان

لەبری لێوی من .. لێوت بمژێ ..!

***

## 8. بوومەلەرزە

جیۆلۆجی.. هەرچی دەڵێ.

پلەی ڕێختەر چۆن دەپیوێ,

جەسارەت دەکەم بڵێم:

لەگەڵ لەرەی

جووتە مەمکی سینە بەرزێ،

گۆی زەوییش وەک

ناخو دڵی من ..دەلەرزێ!

***

## 9. موچڕك

هەقی خۆتە..

چەندە عاسیو چەند سەخت بی !

هەقتە زیاتر..

بەکرنووشم خۆشبەخت بی

هەقی خۆمە..

بەقەد بەرزییت پێی بنازم,

ئەو ساتانەی..

دەتگەیەنم.. بە ئۆرگازم!

***

## 10. ژێ

خۆزگە من زانیبام

بۆ.. هێندە,

ئاشنایە بە دووگوێم

هەر کاتێ دەیبیستم,

من وەکو..

(ژێ)ی کەمان دەهەژێم

نازانم..

(ژێ)ی ژانی بوونمە یان,

(ژێ)ی ناوی تۆیە (ژن).

لە هەرجێ تووشی دێم..

دەوروژێ ڕۆحی من ؟

***

## 11. مەحکوم

لەو ڕۆژەوە,

شەکری مەمک

سەر دوولێوم هاتووە..

گوڵی مەمک،

لە بژوێنی هەناومدا پشکوتووە..

کۆتری مەمک،

لە قەفەزی پەنجەکانما هەڵنیشتووە..

سوڵۆی مەمک،

بەگوێی ڕۆحم ئاشنا بووە

قوبەی مەمک،

لە ئاوێنەی چاوەکانما دەرکەوتووە

لەو ڕۆژەوە.. هەر پێنج هەستم

مەحکومن..

بە مژینی,

بە بۆنی,

بە گوشینی,

بە بیستنی,

بە بینینی !

***

## 12. کافیتریا

پێش چەند ساتێ

کە سەیرمکرد..

پیاڵە چاکەی نێوان پەنجەت..

وەکو ڕۆژگاری من ڕەشە!

کەچی هێندەی..

لێوی گەیشتە سەر لێوانت

بینیم.. پیاڵە وەکو پێستت, وەکو چاوت

ڕوون و گەشە !

***

## 13. کانیی عاشقان *

ئەمشەو لەنێو

تاریکایی دڵی شاردا,

درەختێکی کانی عاشقان

لەجێی گەڵا..

پۆلێ گڵۆپی گرتبوو.

چونکە دوێنێ.. لە سایەیدا

دوو خوێندکاری ( بەشی عەشق)

ڕازی دڵیان..

بۆ یەکتری باسکردبوو.

* کانی عاشقان : شوێنێکە لەنێو گۆرەپانی زانکۆی سلێمانیدا.

***

## 14. باج

خۆزگە نابەم

بەو زێڕو زیو و گەوهەرەی

بەسەر سەری پاشاوەیەو..

پێیدەڵێن.. تاج

بەڵام سەدجار..

خۆزگەم بەو پارچە کاغەزەی

بەسەر سنگی بەرزی تۆوە..

هەڵواسراوەو..

پێیدەڵێن .. باج !

***

## 15. توانەوە

هەرچەند سەیری لێوت دەکەم

دەڵێی لوقمی شرووبییە

حەزی منیش مناڵێکە

ئۆقرەی نییە

هەر خەریکە سوێی بێتەوە!

زۆر دەترسم..

لەناکاوا پڕی پیاکاو،

لەناو دەمیا بتوێتەوە!

***

## 16. جوانترین شەڕ

لەوەتەی.. منو تۆ بیرماندێ

هەر مێژووی شەڕەکان..

دەبیستین.. دەخوێنین

دوو شەڕی جیهانیی,

شەڕی سارد,

شەڕی رەنگ.. شەڕی ئاو

هەرسێ جەنگەکەی کەنداو.

بۆ نایەی منو تۆش

بە شەڕێ کۆتایی

بە ناوی شەڕەکان بهێنین

وەرە با..

شەڕێکی تازەتر..

( شەڕی ماچ )، دابێنین !

***

## .17 ماچ

بەر لە عەشق..

وام بیستبوو:

« ماچ.. کۆتایی دڵدارییە »

کەچی کاتێ.. بۆ یەکەمجار

بەترسەوە.. بەشەرمەوە

لێوەکانی ئەوم مژی!

لەو ڕۆژەوە.. ماچ خۆراکەو

عەشقی ئێمەش..

تەنیا ڕۆژێ، بێ ماچ ناژی!

***

## .18 تیرۆر

هۆ شۆڕە کچ

تۆ سەرچاوەی

خەم‌و خولیاو حەزی من بووی

هێشووە خۆزگەی

ڕەزی من بووی !

کەچی هەرخۆت بەدەستی خۆت

هەرچی خولیاو حەزم هەیە

هەمووت تاسان

ڕەزو هێشووت

پاکی سوتان !

خەونی جوانی گەنجیت کوشتم

دوا دڵۆپی

شووشە عەتری ڕۆحت ڕشتم

بۆیە ئێستا

بەقانونی خۆشەویستی

تۆ جوانترین تیرۆریستی !